## وەزیری مافی مرۆڤ:
## پێویستە رۆڵی ( UN ) لە کوردستان چالاك بکرێ.




بۆ زیاتر لە یەکنزیکبوونەوە و پتەوکردنی پەیوەندییەکان و تێڕوانین و لە یەکگەیشتنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی بواری رەوشی مافی مرۆڤ بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەمڕۆ 2009/1/20 لە نوسینگەی تایبەتی خۆی د.شوان محمد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤ پێشوازی لە بەرێز فیلیپ وێل کلس راوێژکار لە نێردەی یۆنامی کرد.

هاوکات لە مەراسیمی ئەم پێشوازیکردنەدا هەردوولا سەرلە نوێ جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە پێکەوە کارکردن بۆ رەوشەکە و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەسەر پێشێلکارییەکان دەبێتە تەکانێك بۆ بەواگاهاتنی لایەنە پەیوەندیدارەکان و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ کەمکردنەوەی ئەم پرۆسەیە و ئەنجامەکەشی بەجوانکردنی پاراستنەکانی مافی مرۆڤ لە دەڤەرەکە دەکەوێتەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی دیدارەکەدا وەفدی میوان دووپاتیانکردەوە کە کار لەسەر سیستەمی دادوەری و رەوشی مافی منالان و ژنان و زیندانیان بکەن، بەتایبەتی

دوای ئەوەی کە ڕۆڵی عەسکەرتاریەت لەم وڵاتەدا بەرەو ئۆغر بوون دەچێت و دەبێ (UN) ڕۆڵی خۆی ببینێ لەم بوارانەدا و لەبەرامبەریشدا وەزیری مافی مرۆڤ داوایکرد کە زەرووریەتە ڕۆڵی (UN) لە هەرێمی کوردستان چالاك بکرێ و دوای ئەوەی حکومەتی هەرێم بڕیاریدا ئەمساڵ ببێتە ساڵی سەروەری یاسا.
نێردەی یۆنامی باسی لە ئامانجی سەردانەکەی کرد و ڕایگەیاند: کە لەبەرنامەیدایە ڕاپۆرتێك لەسەر ڕەوشی ئاسایشی عیراق بنوسێ کە هەرێمی کوردستان-یش بەشێکە لەم ئاسایشە و ئەم ڕاپۆرتەش بوارەکانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ دەگرێتەوە و هەمووشی بەمەبەستی گەشەپێدانی بنیاتنانی وڵاتێکی لەشەڕەوە بەرەو پەیرەوکردنی دیموکراسیەت دەبێت.
ئاماژەشی بەوەدا کە لەم ڕاپۆرتەدا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە دەکات کە تا چەند (UN) دەتوانێ هاوکارییەکانی زیاتر بکات لە ڕووی بنیاتنانی ئاسایش و سەقامگیری، چونکە وەدەستهێنانی ئەم کارە بەخاڵی یەکەم دادەنرێ لە دروستکردنی وڵاتێکی ئارام و پارێزراو لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ.
هەر بۆ ئەم مەبەستەش ڕوونیکردەوە کە وێڕای بینینی ژمارەیەك لە لێپرسراوانی پەیوەندیدار لە بەغدا و لە هەرێمی کوردستان-یش لەگەڵ ژمارەیەك لایەن کۆبوونەتەوە و گفتوگۆیان لەسەر ئەم مەسەلە گرنگ و چارەنوسسازە کردووە و وەزارەتی مافی مرۆڤ یەکێکە لەم لایەنانە.
لەبەشێکی تری دانیشتنەکەدا کە خاتوو تاڤگە عومەر ڕەشید بەڕێوەبەری گشتی مافەکانی مرۆڤ لە دیوانی وەزارەت و حسێن بۆتانی لێپرسراوی بەرنامەکانی کاروباری مرۆڤایەتی و پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە لە نێردەی یۆنامی ئامادەیبوون گفتوگۆ لەسەر ڕەوشی مێدیاکان کرا و لەبەر ڕۆشنایی ئەوەدا باس لە هێنانەکایەی پرۆژەی مێدیایی کرا لەسەر بنەمایەکی دروست بۆ زیاتر برەودان بە مافی ئازادی ڕادەربڕین کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردستان بەرەو پێشەوە چوونێکی گرنگ بەخۆیەوە دەبینێ و مێدیا بە ئازادی دەنوسێ و بە ئازادی بیر دەکاتەوە، سەرباری

هاتنەکایەی هەندێ پێشێلکاری. هەروەها باس لە پاراستنی مافی منداڵان کرایەوە بەتایبەتی لە رووی توندوتیژییەوە.
لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ دووپاتیکردەوە کە دەبێ لە هەموو بوارەکاندا مافی منداڵان بپارێزرێ و بەهەموو شێوازێك منداڵ لە کاری توندوتیژی بەدوور بگیرێ و ئاماژەی بەوەشدا کە وەزارەت بەبەردەوامی کار بۆ ئەم مەسەلەیە دەکات و بەتایبەت لەرووی تێگەیاندنی منداڵان بە مافەکانی مرۆڤ ئەویش لە میانی خوێندنی وانەی مافی مرۆڤ لە قوتابخانەکان کە ئەمەش لە ئەنجامی پەیوەندییە توندوتۆڵەکانی وەزارەت و وەزارەتی پەروەردە زیاتر پەرەی پێدەدرێ.